پەرلەمانی عێراق بۆ هەموارکردنەوەی یاسای تەمەنی خانەنشینی لە 60 ساڵەوە بۆ 63 ساڵی کۆدەبێتەوە

بەڕیارە سبەی یەکشەممە، پەرلەمانی عێراق یەکەم کۆبونەوەی خۆی لە ساڵی 2025 ئەنجامبدات بۆ هەموارکردنەوەی یاسای تەمەنی خانەنشینی کە لە 60 ساڵەوە بکرێتەوە بە 63 ساڵ.

لەوبارەیەوە، نەرمین مەعروف ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاندووە، بەپێی کارنامەی دانیشتنی ژمارەیەکی ئەنجومەنی نوێنەران لە وەرزی یەکەمی یاسادانان لە رۆژی یەکشەممەی داهاتوو، بڕگەی پێنجەمی کارنامەکە کە تایبەتە بە هەمواری دووەمی یاسای خانەنشینیی یەکگرتوو گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت و خاڵی سەرەکیی هەموارەکە تایبەتە بە تەمەنی خانەنشینی و پێشنیارەکە بۆ ئەوەیە تەمەنی خانەنشینبوونی فەرمانبەران لە کەرتی گشتی بکرێتەوە بە 63 ساڵ کە ئێستا بەهۆی هەمواری یەکەمی یاساکە لە ساڵی 2019 کراوەتە 60 ساڵ.